## ئەكرێت كوردلەشەڕی دەستووردا ببێتەفاكتەری ڕزگاركردنی
## عێراق لەسیستەمێكی دینی

فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا
Faraidun_73@hotmail.com

ئەمڕۆئەودەستكەوت وسەنگەسیاسی یەی خەڵكی كوردستان وبزووتنەوەسیاسی یەكەی لەهاوكێشەسیاسیەكان دا بەدەستی هێناوە. سەرەڕای ئەمری واقیع بینینی هەرێمی كوردستان بەلەبەرچاوگرتنی تاییە تمەندی سیاسی و ئاسایش لەلایەن چاودێرانی سیاسی ومیدیایی ناوچەیی وجیهانی,دەسەڵاتی سیاسی كورد لەبەغدای ناوەندی دەسەڵاتیشدا جێگەوپێگەی هەستیاری لەستوونەكانی دەسەڵاتدا گرتووە بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆماریشەوە,هەمووئەم دەستكەوتانەش كەنەبەردی وفیداكاری گەورەی بۆدراوە بەمانایی ئەوەنیە كورد پشتێنەكەی لێبكاتەوە,بەڵكوقۆناغێكی گرنگ وهەستیار لەپێشمان دایە,ئەویش شەڕی گەرموگوڕی دەستوورە تابە دایەلۆك و مەنتقی تێگەیشتن لە پرۆسەی نوسینی دەستوردا هەموو ئەودەستكەوتانەی دەرهەق بەمڕۆبەدەست هاتوون بچەسپێنین و مافەهێشتا نەسەندراوەكانیشمان لەدەستوری نوێدا مسۆگەربكەین,گرنگی قۆناغی هەنووكە لەوەدایە كەدەستووری نوێ گۆڕانێكی بنچینەی وبنیاتنەرانە لەبوارەكانی سیاسی وئابووری وكۆمەڵاتی لەگەڵ خۆی دارەنگ ڕێژدەكاتەوە, ئایندەی چارەنووس ودەستپێكی نوێ بۆنەتەوە وپێكهاتەكانی عێراق دیاری دەكات,بەشداریكردن لەم پرۆسەدا بۆسەركردایەتی سیاسی كورد و ئەوبەڕێزانەش بەنوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان بەشدارن لەگەلاڵەكردنی دەستووردا كارێكی پڕلەململانێی دژوارە وئەركێكی پڕلەلێپرسراویەتی یە بەرامبەر گەل و قووبانیەكانی كەدەیان ساڵەخەباتی بۆدەكات,,كورد لەبەرامبەرشەڕی دەستووردابەدووڕوودادەكەوێتە بەردەم قورسایی شەڕی دەستوور لەڕوویكی دا,داكۆكیكردنەلەمافەنەتەوایەتیەكانی خەڵكی كوردستان كەخۆی لەفیدراڵی جیوگرافی وگەڕنەوەی كەركوك وناوچەتازە ئازادكراوەكان,دانپێدانان بەهێزی پێشمەرگە,بەڕەسمی كردنی زمانی كوردی وەك زمانی دەوڵەت, دیاریكردنی ڕێژەی داهات وچۆنیەتی سوود وەرگرتن لەسامانەسروشتی یەكانی كوردستان وعێراق و...زۆرشتی پڕبایەختر,كەناسونالیزمی عەرەب بێ دژواری وململانێی گفتووگۆكان ناخوازێت بەسانایی لەوڕەشنوسەدابێتە پایی,,, لەڕوویەكی تری دا كورد لەدەستووری نوێ دا شەڕی بەئاراستەبوونی كۆمەڵگایی عێراق دەكات بەرەوكۆمەڵگایەكی كراوەوعیلمانی,كەدین ڕاستەوخۆ دەست لەكاروباری دەوڵەت وەرنەدات,بەمانایی ئەوەی هەموودینەكان لەعێراقی نوێ داپبرۆزە, وەك كاری شەخسی هاووڵاتیان فەراهەم دەكرێ و ڕێزی لێدەگیرێت ,,نەك بەزۆر سەپاندنی كۆمەڵگایی داخراوو كەنموونەی ڕەشی لەووڵاتانی دراوسێ وناوچەكەدا هەیە, ڕەووتی بەرەوئاراستەچوونی عێراق بەرەوكۆموڵگایەكی داخراووبەدینی كردنی دەوڵەت لە ستراتیژی لیستی ئیهتلافی یەگرتووی شیعەكان دا دركی پێدەكرێت,كەبەرەوپێشچوونی پرۆسەی دەستووری بۆ كورد ئاڵۆزو دژوارتردەكات, بەهەستكردن بەوفاكتەرانەدووتێزوتێڕوانینی جیاواز بەیەك لەنووسینی دەستووری هەمیشەیی لەململانێی سەخت دا دەبن,,,لیستی هاوپەیمانی كوردستان لەنووسینی دەستووردا سەرەڕای داكۆكی كردن لەداخوازیەكانی خەڵكی كوردستان ,ئەكەوێتەبەرشەڕێكی تر كەئەویش داكۆكیكردنە لەسیستەمێكی كراوەو سكولار كەلەگەڵ هەلومەرج و ویستی هەنووكەی خەڵكی كوردستان دایەو,دەبێتەفریادڕەس بۆكۆمەڵگایی بەشەعەرەبیەكەی عێراقیش كەلەئێستادا قوورسایی ڕەووتی لیبرال وعیلمانی وونە,,سەركەوتنی لیستی كوردی لەدەستووردا بەو ئاراستە پۆزەتیڤانە,دەبێتە ئاڵووگۆڕێكی جیدی و زیندوو بەقازانجی خەڵكی كوردستان وكۆمەڵگایی عێراق ,,هەرلەبەرهەستیاری بارودۆخەكەیە كەوازلە بەرژەوەندی حیزبی وتاییەت بهێنرێت پەرلەمانێك كەنزیكەی چوار مانگە خەڵكی كوردستان دەنگی پێداوە ,كۆبوونەوی دەست بەجێ بكات,, بكرێتە تاكەمەرجەعی خەڵكی كوردستان تاببێتە فشار بۆململانێی شەڕی دەستووربەقازانجی وەدەستهێنانی مافەكانی خەڵكی كوردستان ............................................................................